(بەرنامەی بەرنامە)

# حیکایەتی پیاوەکانی دەسەڵات

## ئەکرەم عەنەبی

جاران کە هێشتا دەسەڵاتی کوردی تفەنگەکانی بە رووی جەماوەر و گەلدا بەرز نەکردبووەوە و بەرژەوەندییەکانی نەکەوتبوونە خەتەرەوە، جاران کە هەموومان چاوپۆشیمان لە هەموو شتێ دەکرد بۆ خاتری بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلە ستەمدیدەکەمان، جاران کە گورگەکانی جنوب و بیابان ترسیان لە دڵماندا لە هەر جۆرە حەز و ئاواتێکی خۆمان گەورە تر بوو ـ هەرچەندە ئێستاش وایە ـ ، جاران کە دەستی سوری عەرەبەکان لە هەرشتێ ترسناکتر بوو کەسمان نەماندەزانی کێ دڵسۆزی دەسەڵات و کێ دڵسۆزی میللەت و جەماوەرە، بەڵام پاش رەوینەوەی ئەو ترسە ـ ئەگەر کاتیش بێت ـ ئیدی شەڕەکانی ناوخۆ، وردتر شەڕە جوانەکانی ناوخۆ لەسەر دڵسۆزی و دڵسوتان بۆ میللەت و جەماوەر دەستی پێکرد، لەم شەڕی دەسەڵات و میللەتەدا لەسەر خزمەتکردنی خەڵکی دڵسۆزی بەشەرەفی رۆژگارە سەختەکانی خەبات هەر جۆرە پشتگیریکردنێك لە دەسەڵات، یان لە گێلییەوەیە، یان لە بەرژەوندییەوەیە، هەر جۆرە پشتکردنە میللەتێکیش دوارۆژێکی سەخت بۆ خودی دەسەڵات و میللەت ـ تەنانەت ئەو پیاوانەشی کە پشتی میللەت بەردەدەن ـ دەهێنێت و دەمانخاتەوە نێو قوڕگی ئەوە گورگە خوێنخۆرانەی کە ساڵانێك بوو مەچەکیان بە خوێنی ئێمە سور بوو، ئێستاکەش بە خەیاڵی خوێنی ئێمەی کوردەوە و بە خەیاڵی ئەنفالکردنی کچەکانمانەوە لمۆزیان لە لمی بیابانی بۆنی خوێنی کوردلێهاتوو، جەستەی کورد لێهاتوو، تەنانەت کچێنی بەناهەق براوی کچی کورد لێهاتوو دەخشێنن.

پاش نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی گەنجان و تەنانەت ـ جەماوەری ـ شارەکانی کوردستان لە دژی نەبوونی خزمەتگوزاری و خەمساردیی دەسەڵاتی کوردی لە بەرامبەر خەمی هاووڵاتیان و گەندەڵیدا و لە دوایین بەرنامەدا بەرنامەی (بەرنامە) کە لە هەردوو شاشەی (خاك و کوردسات)ـەوە پیشان درا، هێرشێکی زۆری ئاشکرا و نائاشکرای کردە سەر جەماوەر و گەنجان و لە چەندین بۆنە و دیمەندا بە ئاشکرا کۆمەڵێ قسەی سەیر و سەمەرەی بەرامبەر خەڵك و میللەتە ستەمدیدەکەی خۆیان کرد، هەروەك ئەوەی ئەوان لە دۆڵێك و میللەتیش لە دۆڵێکی تر بێت، دروست وەك ئەوەی ئەوان لە وڵاتێکی تر بن و ئێمەش لە وڵاتێکدا بژین هیچ گرفتێکی نەبێت.

کێ دەیزانی ئەو هەموو قسەخۆشانەی جاران کە هەموو خەمیان گەیاندنی قوڕبەسەری و نەهاتییەکانی میللەت بوو!! لە ئانوساتێکدا ئاوا لێمان هەڵگەڕێنەوە و ببنە پیاوی دەسەڵات و بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە رەش و سپی دەسەڵات بکەن، ئاخر لە هەر کێشەیەکدا بەچاودادانەوەی  هەرچی کراوە ـ کە خۆیان چاك دەزانن زۆر کەم کراوە ـ ئەبێتە مایەی بێ منەتبوونی میللەت لەو شتانەی کە کراوە و کە نەکراوە و کە بڕیاریش نییە بکرێن.

ئەم هەڵوێستانەی ستافی بەرنامەی (بەرنامە) لە بەرامبەر راپەڕینی گەنجانی کوردستاندا دژی دەسەڵات و دژی خەمساردیی ئەوان لە حیکایەتی ئەو پیاوانەی دەسەڵات دەچێ کە لە کاتی ئاساییدا روویەکی تری دەسەڵات بە جەماوەر پیشان دەدەن ، هەمیشە و بە هەموو زمانێك هەوڵی رتوشکردنی ناشیرینییەکانی دەسەڵات دەدەن و لە بری قسەی جدی، بە پێکەنین دڵخۆشمان دەکەن و خۆیان بە بەرەی گەل دەزانن، بەڵام لە ساتە یەکلاکەرەوەکاندا ئیدی ناچار دەبن بچنەوە سەنگەرەکانی دەسەڵات و لەوێوە و بە شێوەی جیاواز تەقە لە توڕەییەکانی گەنجان دەکەن، ئەگەر نا ناکرێ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواوی رەخنەکانی جاران ببنە ستایش و پیاهەڵدان و پشتیگرییەکانیش لە جەماوەر و میللەت لەپڕ ببنە کەفی سەر دەریا.

لە راستیدا ستافی بەرنامەی (بەرنامە) لە یەکەم دەرفەتدا نەیتوانی بۆ ماوەیەکی پێویست پشتی میللەت بگرێت و تەنیا نەخێرێکی جددیانە بۆ  تەقەکردنەکانی دەسەڵات بکات، ئەوان کە هەمیشە دیمەنێکی زیندانیان پیشان دەدا  لە خەمی دەستگیرکراوەکان تێنەگەشتن، یاخود نەیانویست تێبگەن و تەنیا وێنەیەکی دایکێکی دەستگیرکراوەکانیان نمایش نەکرد.